# وتووێژ لەگەڵ فرانسیس فۆکۆیاما



ئامادەکردنی: رامین جەهانبەگلوو

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئارام

**رامین جەهانبەگلوو: بەڕێز فرانسیس فۆکۆیاما، ئێوە لە ساڵی 1952 لە شیکاگۆ لەدایک بوونە، پلەی کارناسی لە فەلسەفەی کلاسیک لە زانکۆی کورتل و پلەی دکتۆرای زانستی سیاسەتت لە زانکۆی هاروارد وەرگرتووە. وەک کارناسی شارەزا لە ئەمرۆی یەکیەتی سۆڤیەت لەگەڵ دامەزراوەی"رەند" هاوکاریتان کردوە و ئێستاش وەک مامۆستای ئابووریی سیاسیی نێونەتەوەیی لە زانکۆی خوێندنەوەی پێشکەوتووانەی نێونەتەوەیی زانکۆی "جان هاپکینز" خەریکی وانە وتنەوەن. پرسیاری من ئەوەیە کە چ هۆکارێک سەرنجی ئێوەی راکێشا لە خوێندنەوەی کلاسیک و فەلسەفەوە بۆ لای زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بچن؟**

**فرانسیس فۆکۆیاما:** بەڵی من قوتابی ئالێن بلووم بووم. ئەو داڕێژەرێکی تیۆری سیاسییە، کە کتێبی بە ناوبانگی "کۆتایی زەینی ئەمریکایی" نووسیووە. بلووم قوتابی (لیێۆشتراوس)ەو هەروەک ئاگادارن لیێۆشتراوس یەکێکە لە سیما ناسراوەکانی فەلسەفەی سیاسی، لە سەدەی بیستەمدا. ئەو دوو کەسە بە شێوەیەکی جیدی سەرنجیان ئاڕاستەی فەلسەفەی رۆژئاوا کردووە و گەلێک پرسیاریان هێناوەتە گۆڕێ وەک: "چ رێگەیەکی ئاوەزی بۆ پێکهاتن و تێگەییشتنی یەکتر هەیە؟" یان باشترین رێگەی ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا کامەیە؟". بۆ ئەو دوو کەسە فەلسەفەی رۆژئاوا لە سەدەی بیستەم" بە کۆتایی لەناوچوون" گەیشتووە. واتە ئەم رەوتە لە فەلسەفەی ئاکادێمیک و زانکۆی بەریتانیایی دەستی پێکردوە و لە فەلسەفەی شیکاری و یان نەریتی فەلسەفەی هایدگێری و رێژەگەرایی کولتووری، کە خۆی بە شێوەی بنەمایی، ئاوەزی رۆژئاوایی دەخستە مەترسییەوە، بە کۆتایی گەیشتووە و وێستاوە.

لیێۆشتراوس ئەم رەوتەی بە قەیرانی مۆدێرنیتە ناوزەدکردوە و زۆربەی تەمەنی خۆی لە رێگەی رزگاربوون و دۆزینەوە و رێگەچارەیەکی ئاوەزی بۆ بیرورا و بایەخە دیاریکراوەکانی رۆژئاوا دانا. روانگەی ئالێن بلووم و بە گشتی هزری ئەو دوو کەسە ئەوە بوو، کە بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی مۆدێرنیتە، ئەشێ فەلسەفەی کلاسیک و نەریتی فەلسەفەی رۆژئاوا (لە ئەفلاتوون و ئەرەستوو بە دوواوە)، خوێندنەوەی لەسەر بکرێ. هەر بۆیە من بۆ خوێندنی ئەفلاتوون و ئەرەستوو بە زمانی ئەسڵی، فێری زمانی یوونانی بووم.

چەن ساڵ لە خۆلەکانی کارناسی و دکتۆرا، خەریکی خوێندنی بەرهەمەکانی کلاسیک بووم، بەڵام کاتێ دکتۆرام وەرگرت، بڕیاری دۆزینەوەی

کارێکم دا. هەر بۆیە بۆ شوێنێک کە خوێندنەوەی کردەیی تری تێدا بوو، خەریکی کار بووم، بەڵی هەرگیز پەیوەندیم لەگەڵ فەلسەفەدا نەپچڕا.

تێزی دکتۆرای خۆم لەسەر بابەتی "سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی ناڤین" نووسی و تا دە ساڵ دوای ئەو، لەگەڵ دامەزراوەی "رەند" هاوکاریم کردووە کە دامەزراوەیەکی بواری بیرکردنەوەی کالیفۆرنیایە. لە بنەڕەتدا کاری من بەدواداچوونی پرس و خوێندنەوەی سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت بوو، بەڵام وازم لە فەلسەفە نەهێنا و رۆژێ کە خەریکی خوێندنەوەی وتارێکی گۆرباچۆڤ بووم، دیسان رووم کردە فەلسەفە. ئەو وتبووی، کە نێوەرۆکی سۆسیالیزم لە بنەڕەتدا رەکەبەرایەتییە. من بە هاوکارێکم گوت: "ئەگەر گۆرباچۆڤ وا دەڵێ، بە مانای ئەوەیە کە ئێمە بە کۆتایی مێژوو گەیشتووین." هەروەها کە ئاگادارن ئەمە وتەی  هێگڵە و لە شوێنێک کە لە درووستبوونی سیستەمی سیاسی بۆ رێکخستنی جیهانی ئاوەزی دەدوێ، کەڵکی لێ وەرگرتووە. رووداوەکانی ئەو سەردەمە، لە ئاستی نێونەتەوەییەوە دیسانەوە منی بۆ خوێندنەوەی فەلسەفە گەڕاندنەوە.

**ر. ج: بەم شێوەیە، فەلسەفە بە جۆرێک لە کردەوەی بیری ئێوە لەسەر سیاسەت و پەیوەندیی نێونەتەوەیی بە دوای ئێوەدا هاتووە. کتێبی ئێوە بە ناوی "کۆتایی مێژوو"، هەروەها وتارێک کە بەو بوونەوە نووسیتان، رێک نیشاندەری دوو روانگەی جیاوازە لە جیهان. لە لایەک ئێمە فۆکۆیامای راڤەرکار دەبینین کە بارودۆخی جیهان شرۆڤە دەکا و لە لایەکی دیکەوە، فۆکۆیامایەکی فەیلەسووفمان هەیە کە بە زەحمەتەوە خەریکی خوێندنەوەی روانگەی فەلسەفەی نوێ هێگلی لە رەوتی مێژوو دایە. رەنگە روونترین دۆز لە فەلسەفەی مێژووی هگل هەر ئەو ئازادیە ناچاریەیە، کە ئەو بە سیستەمی فەلسەفی باسی دەکا و کەسێک کە شارەزای فەلسەفەی ئەو نییە، هەروەها کەسانێک کە نەیاری کارەکانی ئەون، نائازاد ناوزەدیان دەکا. هەر بەو شێوەیە کە هانس بلوومن برگ گوتویە: "ئەگەر مێژوو ئامانجێکی زاتییە، بەم شێوەیە کەسانێک کە لەو بڕوایەدان، کە ئەو دەناسن و خوازیاری  یارمەتیدان لە وەدیهاتنی ئەون، ئازادن لە جیاتی هەموو ئەو کەسانەی کە ئەوە نازانن، بریار بدەن".**

**ف. ف:** لە بیرکردنەوەی (هێگل)دا، دوو لایەنی جیا و لێک جیاواز هەن. لایەنێکی لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە شتێ وەک مێژوو و پێشکەوتن دەتوانێ لە شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا رووبدا. لایەنی یەکەم ئەوەیە کە مێژوو خەریکە کۆتایی پێدێ و ئەم رەوتە لە هەندێ قۆناغدا کۆتایی پێهاتووە. ئەم دوو لایەنە، لە بەشە گرنگ و رەخنەییەکانی سیستەمی فەلسەفیی (هێگل)ن. من لەو باوەڕەدام کە زۆرێک لە خەڵک بە متمانەی لەتی یەکەم، هێگڵین، چونکە بڕوایان بە رەوتی نوێکردنەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر هەرگیز خۆیان بە هێگلی نەزانن. ئەوان لەو بڕوایەدان، کە نوێکردنەوە رەوتێکی یەکگرتووە و پێیان خۆشە لەو رەوتەدا بەشداری بکەن.

کەسێکی گوندی لە مێکزیکی باشوور، بەچەشنێک هێگلییە، چونکە وابیر دەکاتەوە لە شارستانییەتی مۆدێرن شتێ هەیە کە دەبێتە

هۆکاری باشتر بوونی دۆخی ژیان، هەلومەرجی باشتری بۆ خۆی و خێزانی دەرەخسێنێ، پەروەردە و لەشساغی باشتری بۆ پێک دێنێ، بەم شێوەیە بەشی باس خولقێنی فەلسەفەی هێگل لەوەدایە کە رەوتی مێژووی نوێکردنەوە، لە هەندێ دامەزراوە بە لوتکەی کۆتایی دەگا. داخوازی ئەوەم نییە کە روانگەیەکی تایبەتیم هەیە و لەو روانگەیەوە دەدوێم، کە ئێمە بە شوێنێک گەیشتوین کە بانتر لەو پێشکەوتنی نییە. من دەڵێم کە لە سەد ساڵی رابردوودا، رووناکبیرە پێشکەوتووەخوازەکان لەو باوەرەدا بوونە، کە قۆناغێکی دیکە لە سەرووی دیموکراسی لیبراڵ بۆرژوادا هەیە و ئەویش" سۆسیالیزم"ە. بە بڕوای ئەوان، سۆسیالیزم جێگەیەکە کە رووی پێشکەوتنی مێژوویی بۆ لای ئەو دایە، باسی من لە وتارێکدا کە لە 1989 نووسیم ئەوە بوو، کە ئەم روانگەیە ئێتر جێگای متمانە نییە، چونکە رووی ئەو پێشکەوتنە ئیتر بۆ لای سۆسیالیزم نییە. ئامانجێکی دیکەش نییە کە کەس بڵێ ئێمە پاش تێپەربوون لە دیموکراسی و بۆرژوازی، بۆ لای ئەو وەرێدەکەوین.

هەر بۆیە من دەمگوت، کە ئێمە لە کۆتایی مێژوودایین. بە وتنی ئەم بۆچوونە، نەمویستووە کە داهاتوو پێشبینی بکەم. پێشبینی داهاتوو، لە بنەڕەتدا دۆگمێکی هێگلی نییە. من لەو بڕوایەدا نیم کە قوناغێکی تەواو ئاوەزی هەیە، کە بتوانێ بە هۆی ئەوەوە هەموو شتێ روونبکەیتەوە و ناڵێم کە ئێمەش دڵنیاین کە ئیتر پێشکەوتنێ روو نادا. روانگەی من ئەوە نییە، بەڵام وابیر دەکەمەوە کە ئەگەر ئێمە لێکدانەوەیەکی زانستی حەقیقیمان لە جیهان هەیە، دەتوانین بڵێین کە بۆ دیموکراسی لیبرال و بۆرژوازی، جێگرێکی جێی باوەڕ و بەهێز وەک زمانحاڵی دەزگاکانی مۆدێرنیتە هەیە.

**ر. ج: بە بۆچوونی من خوێندنەوەی ئێوە لە هێگل، روانگەی ئەلکساندێر کوژۆ، رووناکبیری رووسییە کە مامۆستای سارتەر، مرلوپۆنتی و ریمۆن ئاروون بووە. لە بازنەی ئەو شتەی کە من لەمەڕ کوژۆ خوێندوومە، روانگەی ئەو لە فەلسەفەی هێگل، روانگەیەکی مارکسیستییە. بەڵام بە پێچەوانەوە روانین و خوێندنەوەی ئێوە لە هێگل، روانگەی مارکسیستی نییە، ئایا ناکۆکییەک لە خۆتاندا نابینن.**

ف. ف: نا، هەمووی ئەوان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مەبەست و لێکدانەوەی ئێوە لە مارکسیزم چی بێت، لە راستیدا هەندێ لە خوێنەرانی خوازیاری کتێبەکانی من مارکسیست بوونە، چونکە لانیکەم ئەوان بەم مەسەلەیە نەگەیشتوون کە شتێ بەم چەشنە لە مێژوودا هەیە یان نا؟ پێموایە خوێندنەوەی لایەنگرانی کوژۆ لە هێگل، بەکردەوە خوێندنەوەیەکی مارکسیستی نییە. چونکە کوژۆ هێندە لەسەر خەباتی ئابووری لە مێژوودا پێداگری نەکردووە، بەڵکو وەک هێگل زیاتر بە مەسەلەی خەبات بۆ ناساندن سەرنجی داوە. لای کوژۆ، خەباتی کۆمەلایەتی و سیاسی پەیوەندی بە مەسەلەی رێزگرتن لە مرۆڤە تا پرسی ئابووری لە هەمانکاتدا من ئەو بۆچوونەم لا پەسندە کە لە ژێر کاریگەری کوژۆ بوومە و پێموایە هەندێ لە روانگەکانی مارکسی لەوەدا هەیە، چونکە مارکس خۆی لە نەریتی هێگلی و زەمینە رۆشنگەرییەکانی پێشکەوتنخوازانە سەری هەڵداوە، رۆشنگەری پێشکەوتنخواز بڕوای بە نموونەیەکی مێژوویی، هەروەها شتێ بە ناوی "بالاکردنی مێژووی درێژخایەن" هەبوو. منیش بڕوام بەو بنەمایانە هەیە.

**ر. ج: ئێوە لە وتارێکی پێشووی خۆتاندا کە دوای ڕووداوی یازدە سێپتەمبەر لە ڕۆژنامەیەکی ژاپۆنی بە ناوی (دیلی یۆمیۆری)دا بڵاو کرایەوە، بیری خوێنەرانی خۆتان خستەوە کە لە بەرهەمەکانتان واتای "مێژوو" نە لە واتایەکی فەرمی، بەڵکوو بە واتای "باڵاکردنی تەواوبوونی مرۆڤ بۆ مۆدێرنیتە" کەڵکتان وەرگرتووە و گوتووتانە کە کوسپێ لەگەڵ تیۆری هانتیگتۆن لەمەڕ "پێکدادانی شارستانییەتەکان"دا هەیە، تیۆری "کۆتایی مێژوو"ی خۆتان بایەخدارتر لە تیۆری هانتیگتون دەزانن و لەو بڕوایەدان کە تیۆری هانتیگتون تیۆرییەکی ڕەهایە لەبەر ڕووداوە ناخۆشەکانی یازدە سێپتەمبەر، ڕاستییەکی گشتییانە بەخۆوە گرتووە.**

**ف. ف:** ئەڵبەت حاشا لەوە ناکەم کە ئەو شتەی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا دەگوزەرێ، هەروەها ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەر، توخمێکی کولتووری هەیە. بەڵام پێموایە کە لە نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوادا پێکدادانی بەم شێوەیە هەبێ، پێموایە کە ئەم پێکدادانە پەیوەندی بە مەسەلەگەلێ تایبەت وەک تێرۆریزم، فەلەستین و شتگەلێ دیکەوە هەبێ. بەهەر شێوەیەک بێ، زۆر کەمتر بوون و ڕەنگە پێکدادانی شارستانییەتەکانی بێ، من لەو بڕوایەدا نیم کە بۆ مۆدێرنیتە دەزگایەکی کولتووری هەبی، ویدەچێ بە هەڵکەوت نەبێ کە دەزگا و دامەزراوە مۆدێرنەکان لە ڕۆژئاوای مەسیحی سەریان هەڵدابێت، چونکە لە نێوان مەسیحییەت و دیموکراسی مۆدێرندا پەیوەندییەکی مێژوویی هەیە.

مەسەلە ئەوەیە کە کاتێ بە شتێک وەک دیموکراسی مودێرن و بازاڕی مۆدێرن دەگەن، ئەو کات ئیتر ئەوان لە بنج و بنەمای کولتووری خۆیان جیا دەبنەوە و بۆ هەموو لایەک کارکردیان هەیە و کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. من پێم وابێ ئەمە دروستترە. لە ڕاستیدا، کاتێ خەڵک هەلومەرجێ بەدەست دێنن، ئاساییە دەخوازن کە لەو کۆمەڵگەیەدا بژین.

ئەوان لە دیموکراسی، شتگەلێ وەک سیاسەتی سێکولار، ئازادیی تاک و چەشنی ئاسایش کە بەرهەمی ئازادیی ئابوورییە، تێدەگەن، ئەم هێزە لە وەرچەرخانی جیهانەوە و نە پێکدادانی نێوان سیستەمگەلێ کولتووریی دۆگم و گۆڕان هەڵنەگردا.

**ر. ج: کە وابوو ئێوە لەو بڕوایەدان تێگەیشتنی بەرانبەر و پێکهاتن لە نێوان نەریت و مۆدێرنیتە، یا بەو شێوەیە کە هەندێ بیر لێدەکەنەوە، لە جێگە دانانی ئەو بە یارمەتی و هێزی مێژوون؟**

**ف. ف:** من لەو بڕوایەدام کە کولتوور لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن لە ناو ناچێ، بەڵکو بۆ بوارێکی بەرتەسکتر دەشکێتەوە، بۆ نموونە دەبێ بە شتێ کە ئێوە لە ژیانی تایبەتیی خۆتان هەوڵی بۆ دەدەن، ئەڵبەت لایەنی سەرەکی کولتوور ئایینە. لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، ئایین لە جیاتی ئەوەی سیاسەت دیاری بکا، بوارێکە کە لە لایەن سیاسەتی مۆدێرنەوە پێکهەڵکردنێ لەگەڵ دەکرێ. بە واتایەکی دیکە، ئێوە دەتوانن وەک تاکێ ئەوەتان هەبێ، بەڵام تاکێکی دیکە وەک ڕێکوپێکی سیاسی بوونی هەبێ. من پێموایە کە جەوهەری دەوڵەتی مۆدێرنی سێکولار وەهایە. ئەڵبەت ئێوە لە زۆرێک لە ئایینەکان، یەکییەتی لە نێوان ئایین و دەوڵەتدا دەبینن، بەڵام لە سەردەمی ئێستا و لە بەر زۆر هۆکاری کردەیی، ناچارن کولتوور بۆ بواریی دیارتر و بەرتەسکتردا بشکێنن و بیگوازنەوە.

**ر. ج: بە واتایەکی دیکە، ئێوە لەگەڵ ئەو گرووپانە کە دەڵێن: دامەزراوە مۆدێرنەکان لە رۆژئاوا سەریان هەڵداوە، هاودەنگ نین؟**

ف. ف: دروستە، ئەگەر روانینێکتان بۆ ولاتانی جیهان هەبێ، بۆ نموونە ئاسیا، دامەزراوە دیموکراتیکەکان دەبینن. هەروەها ئێوە دەتوانن لە هەندێ ناوچەی ئاسیادا، کۆمەڵگەی پیشەسازی لەگەڵ دابەشکردنی کاری ئاڵۆز و شارەزایی، خەڵکێکی خوێندەوار و کۆمەڵی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبینن. من پێموایە ئەمانە هەلومەرجێکن کە نیشانەی دیموکراسین و نە سیستەمێکی تایبەتیی کولتووری. ئەڵبەت کەندوکۆسپی کولتووری لە پێش سەرهەڵدانی دیموکراسیدا هەیە، بەلام پێموانییە کە دیموکراسی لە بنەڕەتدا پرسێکی کولتووری بێ. بە بروای من، دیموکراسی بنەمایەکی جیهانییە.

**ر. ج: ئەم روانگەیەی ئێوە بە تایبەت بە سەرنجدان بە وتارێک کە لەمەڕ کۆنفۆسیۆسگەرایی و دیموکراسی نووسیوتانە، زۆر رێکوپێکە. لەو وتارە کە لە بلاوکراوەی دیموکراسیدا بلاو کرایەوە، لەسەر ئەوە پێداگریتان کردووە، هیچ کەندوکۆسپێکی کولتووری بۆ پێکهێنانی دیموکراسی لە کۆمەڵگە کۆمۆنیستەکاندا نییە، تەنانەت هەندێ هۆکاری جێگای سەرنج هەن کە ئەگەر ئەم کۆمەڵگەیانە هەرچەند دەوڵەمەنتر دەبن، زیاتر بۆ ئازادیی سیاسی دەچن، دیسانەوە گوتووتانە کە ئەگەر نەریتگەلێ کونفوسیۆسی ئاسیا زەمینەی پێکهینانی هاوسەنگییەکی بەردەوام لە نێوان پێویستیی بە ئازادی و پێویستیی بە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی بن، بەم شێوەیە ئاسیا لە بواری سیاسی شوێنێکی بەختەوەرە.**

**ف. ف:** ئاماژەی من لەو وتارە ئەزموونی چین و ژاپۆنە. ئەم دوو ولاتە ناوەندی ئابوورییەکی رکەبەری و تێکنۆلۆژییەکی گەشە سەندوون. بەلام ئەو دوو ولاتە شۆناسێکی بەهێزی کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە. هەر بۆیە من پێموایە کە دەکرێ هەندێ تایبەتمەندی دیار و کولتووری نەریتی لەگەڵ دامودەزگای مۆدێرندا هەماهەنگ بکرێت.

**ر. ج: بە بڕوای ئێوە، مۆدێرنیتە توانایی تێگەییشتنی جیاوازیگەلێ خۆماڵی و نەتەوەیی هەیە؟**

**ف. ف:** بەڵێ، بە بروای من ئەوەی کە مۆدێرنیتە وەک سیستەمگەلێ گشتیی ئاوەزی زانستی هەر شتێ و هەر کەسێک لە نموونەیەکی یەکەوە بە تەواوی هاودەنگ بکا، نادروستە. لە راستیدا من پێم وایە مۆدێرنیتە، کۆمەڵێ دامودەزگای لاوازترە کە چوارچێوەیەکی زۆر بەربلاوێ داناوە، لەم چوارچێوەیەدا، بێ شک جیاوازیگەلێ بە تین و خۆماڵی و نەتەوەیی هەن، هەر بۆیە، مۆدێرنیتە سیستەمێکی بە تەواوەتی هەڵگری خۆگونجاندن لە ژیانی کۆمەلایەتی و رامانی فەلسەفییە.

**ر. ج: بەلام زۆر کەس لەو بڕوایە دان، کە بەجیهانیبوون بۆ فۆرمێکی وەک یەک و هاودەنگیی کولتووری و سیاسی دەچێتە پێشەوە، کە لەوێ ئیتر کولتوورە خۆماڵییەکان ناتوانن لە هەمبەر کولتووری زاڵ بەرگری لەخۆیان بکەن و بەردەوام بن. بە بڕوای ئێوە، کۆسپی سەرەکی بەجیهانیبوون لە جیهانی ئەمڕۆدا چییە؟**

**ف. ف:** لە راستیدا، لە روانگەی کولتورییەوە کۆسپی زۆر هەن، رەوتی بەجیهانیبوون لەگەڵ

خۆی کولتوورێکی بە کارهێنانی رۆژئاوایی دێنێ، کە من وەک ئەمریکاییەک لەگەڵ زۆرێ لەوان نێوانم نییە. هەر بۆیە دەتوانم بڵێم، کە لە لایەکی دیکەوە کولتوورەکان پاشەکشەیان پێ دەکرێ. ئەڵبەت رەوتی بەجیهانیبوون، هەندێ چەشنی نابەرانبەرێ لەگەڵ خۆ دێنێ. بەڵام بە گشتی پێم وایە کە بەجیهانیبوون، یارمەتی وڵاتەکان دەدا تا بە بەشداری و بوونی خویان لە ئابووریی جیهانی لە بازنەی هەژاری بێنە دەرێ و دەستیان بە تێکنۆلۆژیی نوێ، بازاڕەکان و دامودەزگایەک کە بۆ خۆیان ناتوانن پێکیان بێنن بگا، یەکێک لە کۆسپەکانی بەجیهانیبوون ئەوەیە، کە هەموو وڵاتەکان لە بواری ماڵییەوە پێکەوە بەستراون و ئەگەر مەسەلەیەک لە ئەمریکا روو بدا، دەرئەنجامەکانی هەموو وڵاتەکان دەگرێتەوە. بەڵام پێم وا بێ کە هەموو ئەم گیروگرفتانە دەکرێ لە دنیایەکی جیهانی کراودا چارەسەر بکرێ، هەروەها پێموایە کە بەجیهانیبوون هۆکارێکی گرنگە، چونکە ئەو هەلومەرجە بۆ خەڵکی نارۆژئاوایی دەرەخسێنێ، کە دەتوانن رۆژئاوایی نەبن، بەڵام مۆدێرن بن و بە هەندێ ئازادی بگەن کە لە مۆدێرنیتەدا هەیە.

**ر. ج: بە واتایەکی دیکە ئێوە لەو براویەدان کە نوێگەرایی و نوێکردنەوە بەبێ جیهانیبوون گونجاو نییە؟**

ف. ف: لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ وڵاتێکی چووکە بە کردەوە گونجاو نییە، کە بێ بەشداری لە رەوتی بەجیهانیبوون دەتوانن خۆیان مۆدێرن بکەن.

**ر. ج: پێیتان وانییە کە کۆمپانیاکان و بازرگانیی جیهانی لە حاڵی پەرەپێدان لە کولتووری بەکارهێنان لە هەموو جیهانن؟**

ف. ف: بەڵێ. ئەوان تا رادەیەک لەم کارە بەشدارن، بەڵام کردەوەی ئەوان دیسانەوە یەک لایەنە نییە. ئەگەر مەکدۆناڵد لە هەموو شوێنێک، لە بەحرینەوە تا تایلەند دەسدەکەوێ، تەنیا لە بەر ئەم هۆکارە نییە کە کەسێک خەڵک ناچار دەکا پەسەنی بکەن، بەڵکوو زیاتر لە بەرئەوەیە کە خەڵکی هەموو جیهان چێشتێکیان خۆش دەوێ کە مەکدۆناڵد دەیدا. کەوابوو فرۆشیار و کریار، هەردوانیان لەم رەوتەدا دەستیان هەیە. من پێموایە کە دۆزی سەرەکیی بەجیهانیبوون لەوە دایە، کە ئەم کردەویە لە لایەن کەسانێکەوە دەچێتە پێشەوە کە قازانجیان تێدایە. زۆربەی خەڵک کە لە داوێنی ئابووریی جیهانیدا هەن، خوازیاری رێوشوێنێکی سەرتر لە ژیان و دەسپێراگەییشتن بە شتومەکی بە کارهێنانن.

**ر. ج: بەڵام یەکێک لە مەسەلەکانی بەجیهانیبوون چاودێری و کۆنترۆڵی هێزی پەیوەندییەکانە. ئەگەر ئێوە کۆنترۆڵی راگەیێندراوی جیهانی ئەمڕۆتان لەدەستدا بێ، بە قازانجی بەرهەم و بارهێنانی شتومەکی خۆتان کەڵکی لێوەردەگرن. راست وەک فیلمی جیمزباند واتە "بەیانی هەرگیز نامرێ" کە لەوێدا راگەیێندراوی پەیوەندی بە " بارانی رۆژنامەکان" هەوڵدەدا بەو توانابییەوە کە هەیەتی، بە قازانجی خۆی جیهان بگۆرێ؟**

ف. ف: دروستە. بەڵام ئەم کارە ئاڵۆزترە، بە روانینێک بۆ رووداوی پێشوو واتە یازدەی سێپتەمبەر، چۆنیەتی کارکردنی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە لە جیهانی عەرەبدا دەبینن. ئەم کردەوەیە

لە راستیدا تێپەربوون و گواستنەوەیەکی گەورە لە چونیەتی پەیوەندییەکان لە جیهانی عەرەبیە. بەر لە کانالی ئەلجەزیرە، دەولەتە عەرەبییەکان تەنیا کاریگەرییان لەسەر رووداوەکانی رۆژئاوای لێوارەکانی ئۆردون بوو. بەلام ئەمرۆ، عەرەبەکان دەتوانن هەموو شەوێ وێنەکان لە کانالە ئاسمانییەکانی خۆیاندا ببینن.

**ر. ج: بەلام هەمیشە هەندێ بنەما و پیشەسازیی جیهانی هەن کە لە هەموو کولتوورەکاندا هاوبەشن. پیشەسازییە جیهانییەکان کە ئەمرۆ دەتوانن بە پێچەوانەی کولتوورەکانەوە بن، کامەن؟**

ف. ف: پێموایە چەند شێوەی هاوبەش هەیە کە دەتوانێ جیهانیبوونی یاسای بنەمایی مرۆڤەکان بێت، کە بە خەلک وەک تاکەکان و نە وەک ئەندامانی عەشیرەت یان بنەمالە یا کۆمەلگەکان دەگەڕێتەوە. پێموایە ئێوە دەتوانن روونێ بکەنەوە، کە شتگەلێک وەک سروشتی جیهانی و حقووقی جیهانی هەیە، مەبەستی من ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی شێوەی دووەمین. کەچی ئێمە خاوەن جەوهەرێکی مرۆڤایەتیی سەرەتایین، کە مەیلی وەک یەک و بەرانبەر لە ئێمە پێک دێنێ، من لەو دامەزراوانە دەکۆلمەوەمەوە کە بۆ پاراستنی ئەو گرووپە حقووقیە دامەزراون کە پێویستیی و جیهانی دەبن، وەک راستییەک، دەتوانین بلێین کە دیموکراسی بایەخ و هێمایەکی جیهانییە. هەندێ دامەزراوەی دەزگای ئابووریی جیهانین، چونکە بۆ پێکهێنانی کاروباری مالیی دەولەمەندبوون، پێویستن.

**ر. ج: ئەمە واتای ئەوە دەگەیێنی کە چالاکبوونی دیموکراسی لە هەموو شوێنێک یەکسانە؟ دەتوانین بێژین کە واتای تاکگەرایی لە دیموکراسی ئەمریکایی زۆر بەهێزتر لە دیموکراسی ئورووپاییدا باسی لێ دەکرێ. لە راستیدا ئەمە هەر ئەو شتەیە کە دوتۆکویل پێگەیشتووە و لە کتێبی دیموکراسی لە ئەمریکادا نووسیویەتی.**

ف. ف: لەوەدا شکێ نییە. دامەزراوەیەکی کولتووری بۆ مۆدێرنیتە، بەتایبەت لە ئەمریکادا هەیە. ئەمریکا لە رەوتێکی تەواوکراودا لە هەمبەر پاشایەتیی بەریتانیا لەدایک بوو، کە وابوو لایەنێکی بەهێزی تاکگەرایی لە کولتووری ئەمریکادا هەیە، کە تەنانەت لە ئەورووپا، کانادا و ژاپۆنیشدا نییە. هەروەها پێموایە کە دیموکراسی ئەمریکایی جیا لە دیموکراسی ئەورووپایی شرۆڤە دەکرێ. دیموکراسی ئەورووپایی کۆمەلخوازانەترە و لەوێ دەولەت ناوەندگەراترە.

**ر. ج: کاتێ شۆرشی فەرەنسە و ئەمریکا پێکەوە بەرائاورد دەکرێن، دوو فۆرمی لێکجیاواز دبینین.**

ف. ف: بەلام یەک بنەمایان هەیە، هەم شۆرشی فەرەنسە و هەم شۆرشی ئەمریکا بە ناوی ئازادی و یەکسانی سەکەوتوو بوون، بەلام لەم بنەمایەدا شرۆڤەی جیایان لێ دەکرێ.

**ر. ج: زۆر باشە. دەخوازم بزانم کە ئەزموونی رۆژئاوا لە پێکهێنانی دامودەزگای دیموکراتیکدا تا چ رادەیەک بۆ ولاتانی رۆژهەلاتی ناڤین و ئاسیا جێگەی متمانەیە؟ مەبەستی من لە ئەزموونی رۆژئاوا، لە راستیدا ئەو دەسکەوتانەیە کە ئەوان لە نێوان سێ شۆرشی گەورەی دیموکراتیک لە چاخی نوێ بە دەستیان هێنا. شۆرشی مەزنی 1688 لە**

**بەریتانیا، شۆرشی ئەمریکا لە 1776 و شۆرشی فەرەنسە لە 1789، بێجگە بەجێ ماوەی ئەم سێ شۆرشە، لە جیهانی ئەمڕۆدا شۆرشی دیموکراسیخوازانەی دیکە دەبینی؟ ئەگەری شۆرشێکی دیکە لە سەر بنەمای چەقبەستوویی کولتوورییەوە هەیە؟**

**ف. ف:** بەڵێ، بەلام ئاکامی ئەو جیاوازە. ئەم ڕاستییەی کە لە ڕۆژئاوا دووسەد ساڵی خایاند تا ئەوان بە کردەوە بە دیموکراسی گەییشتن، لە بەر ئەوەیە پێشتر شتێکی وایان نەبوە. پێکهێنانی حیزبگەلێ سیاسی و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن وەک دامودەزگای دیموکراسی، کاتی گەرەکە، وەک تێکنۆلۆژی کە کاتی دەست بە پەرەپێدانی کرد. خەڵکی دیکە لە ئەزموون و تێکشانەکانی کەسانێک کە دەسپێکەری ئەو بوونە، قازانج دەبەن. من پێموایە کە ئەم کارە لە سیاسەتیشدا ڕاستە. بۆ وەگەڕخستنی دیموکراسی ڕێگەی زۆری نییە، دیموکراسی یا پەرلەمانییە یان سەرۆکایەتی و یان یەکێک لە شێوەکانی سیستەمگەلێ حیزبی، بەلام بۆ دەزگا بناغەییەکان زەمینەیەکی بەربلاوی هەڵبژاردن نییە.

پێموایە جگە لە کولتوور، ئێوە ناچارن کە چونیەتی وەگەڕخستنی کارەکان ببینن. لەم ڕێگەیەوە دەتوانن لە ئەزموونەکانی ئەمریکا و ئەورووپی کەڵک وەرگرن، بڕوانن بەو شتەی کە لە ئەورووپای ڕۆژهەلات و یان هەموو ئەو دیموکراسییانەی کە لە کونج و قەراخی جیهان ڕوویان داوە، خەڵک ئەم دەزگایانە وەردەگرن و بە پێی کولتووری خۆیان فۆرمی پێدەدەن. ژاپۆن کارێکی وای کردووە و کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنێ پێکهێناوە. ئەوان لە پێشدا سیستەمی پەرلەمانی بەریتانیایان کردە نموونە، بەلام زانییان کە بۆ گەییشتن بۆ قۆناغی لیبرالی هەندێ بەرتەسکە. هەر بۆیە ڕوویان کردە سیستەمی پەرلەمانی ئەڵمانیای دوای شەری دووەمی جیهانیەوە، ئیتر هەڵبژاردنێکیان نەبووو، ناچار بوون ڕوو بکەنە سیستەمێک کە فرەتر شێوەی ئەمریکی هەبوو، ئێستا ئەمە بە پێی پێویستییەکانی تایبەتی نەتەوەیی خۆیان، چاکسازیان کردووە. بە بڕوای من ئەوان ئەم کارانەیان زۆر خێراتر لە ئەمریکییەکان جێبەجێ کرد، چونکە لە ئەزموونی کەسانی دیکە کەڵکیان وەرگرت.

**ر. ج: ئەزموونی ژاپۆن سەرنج ڕاکێشە، چونکە کاتێ لەگەڵ ڕۆژهەلاتی ناڤین بەراورد دەکرێ، دەبینین کە لە نێوان سەردەمی میجی، ژاپۆن بۆ لای ئەو شتەی کە ئێمە "مۆدێرنیتەی بەرگریکەر" ناودێرمان کردوە وەڕێکەوت، ژاپۆنییەکان لە شەڕی سباسۆپۆل بە سەر ڕووسەکاندا سەرکەوتن، بەلام لە ڕۆژهەلاتی ناڤیندا پێچەوانەی ئەم ڕەوتە ڕوویدا. لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەلاتی ناڤیندا، بژاردەکان بۆ لای "مۆدێرنیتەی وەشوێنکەوتوو" ڕوییشتن. ئێرانییەکان، پاش تێکشکانیان لە ڕووسەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، تێکۆشان لاسای ڕۆژئاوا بکەنەوە.**

**ف. ف:** دڵنیام کە هەموو شتێ بە گشتی جیاوازە، بۆ نموونە ئیمپراتۆری عوسمانی، پاش ئەوەی ناپیلئۆن هێرشی کردە سەر میسر، عوسمانییەکان، دەرکیان بەو ڕاستییە کرد کە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا، خاوەنی تێکنۆلۆژی نوێ نین. هەر بۆیە لە ساڵەکانی دەیەی 1830 دەستیان کرد بە چاکسازی و دەوڵەتی نوێی عوسمانییان دامەزراند. هەر بۆیە عوسمانییەکان

ڕێگەیەک ڕۆییشتن کە ڕێگەی ژاپۆنییەکان بوو. بەڵام ژاپۆنییەکان سەرکەوتووتر بوون، چونکە لەم ڕێگەیەدا دەستیان دایە چاکسازیی بنچینەیی، نە تەنیا تێکنۆلۆژیی سەربازی، بەڵکوو کەڵکیان لە سیستەمی ئیداریی نوێ و ئاوەزی مۆدێرنیان وەرگرت. شینتۆگەرایی (وەک نەریتێک) دیسان ڕۆڵێکی لانیکەمی لە پێشگرتنی ژاپۆن بۆ نوێکردنەوە هەبووە. لە چین و کۆریاش ئەم دیاردەیە هەبووە. لەم سێ وڵاتە، ئایین هەرگیز کۆسپی نوێخوازی نەبووە. سەبارەت بە ئیسلام من هەرگیز پێموانیە کە دژی نوێخوازی بێت، بەڵام وا پێشهاتووە کە بە بوونی بزووتنەوەگەلێ میانەڕۆ (وەک وەهابییەکان و یازدەی سێپتەمبەر) خۆیان وەک کۆسپی نوێخوازی نیشان بدەن. ئەگەر تالیبان کاناڵی تەلەفزیۆنی یاساغ و لەنێو دەبەن، من ئەم کاربە دژی مۆدێرنیتە دەزانم.

**ڕ. ج: ئێوە لە وتارێکدا چوار ڕووکاری دیموکراسیتان لە یەک جیا کردۆتەوە، کە بەهۆی ئەوانەوە دەبێ دیموکراسی پێ بگا. ئەم ڕووکارانە بریتین لە بیروڕای نۆرم، دامودەزگاکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و لە کۆتایدا پێکهاتەگەلێ بنەماڵەیی و بایەخە ئەخلاقییەکان (کە ئێوە بە کولتوور ناوتان بردوون) پێموابێ لەم نێوانەدا نەتەوەخوازیتان لە بازنەی کولتوور داناون، پێتان وانییە کە نەتەوەخوزای و ڕامانی نەتەوەخوازی، بۆ دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بایەخگەلێ مەترسی خولقێنی هەبێ؟**

ف. ف: من لە شرۆڤە کردنی وتارەکەم دا، هێندە باسی نەتەوەخوزایم نەکردووە، بەڵکو زیاتر سەرنجی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپام داوە، کە پێشتر بەشێک لە یەکیەتی سۆڤیەت بوون. ئەوان هەموویان وازیان لە فکری مارکسی ـ لێنینی هێنا و روویان کردە دامەزراندنی دامودەزگای ڕۆژئاوایی. یاسای بنەرەتیی نوێیان دانا و هەڵبژاردنی دیموکراتیکی نوێیان بەرێوە برد.

بەڵام وڵاتگەلی وەک ئۆکرانیا و رووسیا لەتەک ئەم دەزگا نوێیانە گیروگرفتی جیددیان هەبوو. من پێموایە، هۆکاری کولتووری بووە، مەسەلەی ئەو وڵاتانە لە بنەرەتدا نەتەوەخوازی نییە. بەڵکو ڕێک کۆمەڵێک نۆرمی نادروستە. لەوێ، گەندەڵی لە ئاستێکی بانترەوە بووە و خەڵک لە دەرکی بنەمای خزمەتی گشتی و پەیوەندی روون وەرەز بوون. شێوەگەلێ کولتووری زۆری هەن کە پێش لە کردەوەی روون و رەوانی دامودەزگای دیموکراتیک دەگرن.

نەتەوەخوازی کە بنەمای دیموکراسی لیبراڵە، لەوێ مەسەلەی جیا و شتی دیکەیە. هەڵبژاردن بەرێوە دەچێ و دوای ئەو، یەکەمین کردەوەی ئەوان و دواکەوتنی کەمایەتییە نەتەوەییەکانە. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە لە وڵاتانی باڵکان ڕوویاندا. ئەڵبەت ئەم دیاردەیە لە وڵاتگەلی ئەورووپای ڕۆژئاوا جێگەی مەترسییە، بەڵام من هەرگیز لە هەلومەرجی جیهانی ئەمڕۆدا، بە مەسەلەیەکی گرینگی نازانم.

**ڕ. ج: یەکێک لە ڕەخنەگرانی فەرانسەیی و بەرهەمەکانی ئێوە لە ڕەخنەگرتن لە تیۆری "کۆتایی مێژوو" دەڵێت: بۆچی فرانسیس فۆکۆیاما کاتێ لەسەدەی بیستەم و کۆتایی مێژوو دەدوێ، پرسیار لە خۆی ناکا کە سەدەی بیستەم، سەدەی ترسناکی ئاوشویتزەکان و گولاگەکان بووە" منیش دەڵێم زۆری لە بیرمەندانی پۆست مودێرنیزم ئەم ڕووادوە گرینگانەی سەدەی بیستەمیان بە ئاکامی مۆدێرنیتە دەزانن.**

**ف. ف:** شک لەوەدا نییە، کە فاشیزم و کۆمۆنیزم ڕەوت و ڕووداوگەلێ سیاسی بوون کە لە مۆدێرنیتەوە سەریان هەڵدا بوو، بەڵام من پێموایە کە ئێوە ناچارن لە درێژخایەندا بزانن، کە چ کەسێک لەم بەربەرەکانییەدا سەردەکەوێ. جیهان هەڵگری هەموو ئەو برینانە بوو. بەڵام لە کۆاییدا سیستەمگەلێ باشتر لە گۆڕەپاندا مانەوە، چونکە ئەوان لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە زیاتر مەیلیان بە لای خەڵکدا بووە، بەهەر حاڵ، کۆتایی مێژوو، بەو مانایە نییە کە هیچ گیروگرفت بۆ ئێمە نەمێنێ.

**ر. ج: زۆر کەس پێیانوایە کە ئێمە لە شارستانییەتێکی پرمەترسیدا ژیان بەسەر دەبەین، واتە شوێنێک کە تێکنۆلۆژیی نوێ، کە خۆی دەسکەوتی مۆدێرنیتەی پیشەسازییە، ژیانی ڕۆژانەی ئێمەی ڕووبەڕووی مەترسی کردوە.**

**ف. ف:** زۆر کەس دەڵێن کە ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەر لە ئاکامەکانی ئەودایە. بەو واتایە کە مۆدێرنیتە، تێکنۆلۆژی پێکهێناوە و هەندێ لەو تێکنۆلۆژیانە، زۆر پرمەترسین. هەر بەو شێوەیە کە لە دەوروبەری هەواڵەکان دەتوانن ببینن، هێندە سەخت نییە کە وایرۆسی برینی ڕەش و یان چەکی ناوکی بەرهەم بێنن. مانەوەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بە نییەتی خێرخوازانەی خەڵک بەستراوەتەوە، کە ناخوازن ژمارەیەکی زۆر لە هاوچەشنەکانی خۆیان بکوژن. هەر بۆیە، شارستانییەتی مۆدێرن هێزێکی گەورەی بۆ تاوانکاری و جنایەتی لەخۆدا شاردۆتەوە، من وڵامێکم بۆ ئەمە نییە و ناتوانم بە ئێوە بڵێم، کە ڕووداوێکی وا ڕوویداوە. کەس چاوەڕوانی ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەری نەدەکرد، بەڵام پێشهات. پێش لە یازدەی سێپتەمبەر، خەڵک دەیانگوت:" چ کەسێک دەتوانێ دژایەتێکی وەهای هەبێ کە ئەو دوو قوللە دوانە بڕووخێنێ و پێنج هەزار کەسێ بکوژێ؟" ئێستا ئێمە ئاگادارین کە کەسانێکە وەها هەن. ئەمیش بەشێک لە جیهانە، کە ئێمە تێدا دەژین.

**ر. ج: هەندێ پێداگری لەسەر جیاوازی لە نێوان ئاوەزی کەرەستەیی و ئاوەزی ڕەخنەیی دەکەن. ویدەچێ کە ئێوە زیاتر لە بەرهەمەکانتان لەسەر ئاوەزی کەرەستەیی پێداگریتان کردووە تا ئاوەزی ڕەخنەیی، بە تایبەت لەوێ کە دەبێژن هەندێ وڵاتی بەرچاو ئەگەر پیشەسازیی بکرێن وتێکەڵ بە ڕەوتی بەجیهانیبوون دەبن. ئەڵبەت ڕاستە کە بەم شێوەیە زۆربەی خەڵک دەستیان بە ڤیدیۆ، سەیارە و تەلەفزیۆن ڕادەگا، بەڵام ئەم خەڵکە چۆن بە مۆدێرنیتەی ڕەخنەگرانە کە کردەوەیەکی بنەماییە لە پێکهاتەی بیری مۆدێرن، دەگەن؟**

**ف. ف:** پێم وانییە ئەمە دروست بێ. ئەگەر ئێوە پێویستان بە ئاوەزی کەرەستەییەوە هەیە, ئەو مانایە دەگەیێنێ کە پێویستان بە زانکۆ، ناوەندی توێژینەوە و دامودەزگای کە لەسەر بنەمای ئاوەز دانرابێت، هەیە و ئەمە خۆی خەڵکێک بەرهەم دێنێ، کە نەتەنیا خاوەنی ئاوەزی کەرەستەیین، بەڵکوو خاوەنی ئاوەزی ڕەخنەگرانەش هەن. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بژاردەکانی وڵاتگەلێ لە حاڵێ پەرەسەندن کە پێیان خۆشە بۆ ڕۆژئاوا کۆچ بکەن، ڕێک لەبەر ئەم هۆکارەیە کە لێرە بەراوردە ئابوورییەکان، گەورەترن و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا شوێنی سەرنجراکێشترن بۆ ژیان، ئەمە مەسەلەیەکە، بەڵام من پێموانییە کە لە درێژخایەندا کەموکوڕییەکی وەها دەوروبەری ئاوەزی ڕەخنەگرانە لە وڵاتانی نارۆژئاواییدا هەبێ.

مـن وا بیـردەکـەمـەوە کـە مـەسـەلـەی رۆژئـاوا قـوولتر لـەمانـەن. چونکـە لـە کۆتـاییدا هـەر ئـەو خەڵکەی کە خاوەنی ئاوەزی رەخنـەگرانـەن، ناتوانن پاساوێک بۆ ئەوە بێننەوە کە بۆچی_شێوەی ژیانی ئەوان باشتر لـە ژیانی گوندە نەریتییـەکان کە لـە چوارچێوەی کولتووری نـەریتیدا، پێشکەش بکـەن. ئـەم کـردەوەیـە دیـسان ئێمـە بـۆ ئـەو شـوێنە دەگـەڕێنێتـەوە کە وتـوویژەکـەمـان دەسپێکرد، واتـە مـەسـەلـەیـەک کە لیئۆشـتراوس وەریگرتـووە و ئـەو نـەریتـی خـۆویران کـردن، کـە ئـاوەزی رۆژئاواییـە. کاتێ کە بە مەیلی رۆشنبیری نوێ لـە رۆژئاوا وەک پۆست مۆدێرنیزم دەروانن، دەبینن کە لـە راستیدا ئامانج خودی نەریتی رۆژئاوایە.

**ر. ج: پێموابێ ئێوە بـە شـرۆڤەکردنی پۆسـت مۆدێرنـەکـان سـەبـارەت بـە کۆمـەڵگـەی ئێستا هاودەنگ نەبن؟**

**ف. ف:** نـەخێـر، زۆربـەی بیـروراکـانی مـن لـە ڕێگـەی هـەوڵدان بـۆ چاکسازی و هـەندێ زەمینـەی فـەلـسەفـی، بایـەخگـەلێکـە کـە پـەیـوەنـدییان بـە مۆدێرنیتەوە هەیـە، بێ ئـەوەی لـە رەوتـی ڕووخـانی نـەریتـی رۆژئاواییـدا جێگـە بگـرن، هیـوادارم لـەم گەڵاڵەیەدا سەرکەوتوو بم.

**ر. ج: بـــەڵام ئـــالێن بلـــووم و لیۆشـــتراوس هەردوانیان بە نیسبەت مۆدێرنیتە ، رەخنەی زۆریان هەیە، کەچی مەسەلەی ئێوە ئەمە نییە؟**

**ف. ف:** راسـتە، بـەڵام مـن لـە کۆتـایی کتێبـی " کۆتـایی مێـژوو" لـەسـەر دۆزی مۆدێرنیتـە قـسەم کـردووە، بـەم شـێوەیـە، بلـووم و شـتراوس لـەو بڕوایەدان کە جیهانی مۆدێرن باشترین جێگری کە لە مێژوودا هەیە، پێشکەش دەکا، ئەوان بەرگری لەو تیۆریە دەکەن و تێدەکۆشن تا لـە بواری تیۆرییـەوە پاکانەی بۆ بهێننەوە. وا بیر دەکەمەوە، ئەوان لـەم بارەوە کە نـەریتی رۆژئاوا تا چ رادەیەک شکست هێنەرە، روانگەیەکی پڕ لە هیوا و هومێدمان هەیە.

**ر. ج: بـەڵام لـە زەمینـەی مۆدێرنیتـەدا، گـەڵاڵـەی ئێوە لەگەڵ کتێبی" کۆتایی مێژوو" کۆتایی پێ نایە. ئێوە لـە دە سـاڵی رابـردوودا دوو کتێبی دیکـە بـە ناوەکانی "تراست"و "بشێویی گەورە"تان نووسیون. چ پەیوەندییـەک لـە نێوان ئـەم دوو کتێبـە و کتێبی کۆتایی مێژوودا هەیە؟**

**ف. ف:** ئـەمانـە پـەیـوەنـدییان بـەو چوارئاسـتەوە هەیە کە پێشتر باسم کردن. بە بڕوای من، کۆتایی مێژوو لەسـەر دوو ئاستی یەکەم، واتـە ئایدیاکان و دەزگاکانـە. لـە بنـەڕەتـدا لـەم کتێبـە بـەو شـێوەیـە باسکراوە کە جیهانی مۆدێرن لە شوێنێک بەکۆتایی دەگا، کە ئێمە تەنیا یەک ئایدیا و یەک هـەڵبژاردنمان بۆ دەزگـا واتـە دیموکراسـی لیبراڵـەکان هـەیـە. ئـەم وتەیە بەو واتایە کە جیاوازیگەلێ جیددی لە جیهان لە ئاستی نزمتر، واتـە ئاستی کولتووری دەگا. هـەر بۆیە کتێبی"تراست" کتێبێکە سەبارەت بە ئابوورییە کولتوورییەکان، کە نیشان دەدا چۆن بۆرژوازی لە جیهانی ئـەمڕۆدا هـەیـە، هـەروەهـا ئێمـە لـە کتێبی "بشێویی گەورە" لەمەڕ چونیەتی گۆڕانی کولتووری و ئـەوەی کۆمـەڵگاکـان بـەچ شـێوەیـەک داهاتـە کۆمـەڵایـەتییـەکانی خۆیـان لـەنـاو دەبـەن یـان پێکـێ دێـنن، تـا دەزگاکـانی ئـەوان بتـوانن ڕێکوپێـک کـار بکـەن، هـەڤپـەیڤینمـان هـەبـووە، ئەوە بۆچوونی منە لەسەر پەیوەندی ئەم کتێب و وتارانە پێکەوە.

**ر. ج: کتێبی چوارمتان لەبەردەست دایە، ئایا درێژەی بەم سیستەمە فکرییەوە هەیە.**

**ف. ف:** ماوەیەکی کەمە کە کتێبێ "تێکنۆلۆژی ژینار"یم نووسیوە. ئەم کتێبە پەیوەندیی بە پێشکەوتنەکانی تێکنۆلۆژی و مەترسییەکانی ئەو بۆ دەزگا لیبراڵەکان هەیە، من بەگومانم کە تێکنۆلۆژی ژیناری یارمەتی پێشکەوتنی دیموکراسی بدا.

**ر. ج: ئێوە لە کتێبی"بشێویی گەورە"دا لەمەڕ گواستنەوەی نموونەی (پارادیم) ئاماژەتان بە کۆمەڵی وەرزێڕی بۆ کۆمەڵی پیشەسازی و لە کۆمەڵی پیشەسازییەوە بۆ کۆمەڵی بان سەنعەتی (POST – INDURTRIAL) واتە چاخی (MICRO –CHIPS) تێکنۆلۆژی مەترسی خوڵقێنی پێشکەوتوو کردووە. بە بڕوای ئێوە ئەم تێکنۆلۆژیانە بە کردەوە یارمەتیان بە ڕەوتی دیموکراسی لە ڕۆژئاوا داوە یان هۆکاری پێشگرتنی بووە؟**

**ف. ف:** تێکنۆلۆژی یارمەتیدەری مرۆڤە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی لە هەموو هەلومەرجێکدا، بەڵام من پێموایە ئەو تێکنۆلۆژیانەی کە لە سەدەی بیستەم پێک هاتوون، زۆر بە کەڵک بوون. بۆ نموونە، تیکنۆلۆژیی گەیاندنی زانیاری، زۆر لە سڕینەوەی ناوەندگەرایی دەسەلات و گەیاندنی زانیاری بە خەڵک بە نرخی کەمترەوە ڕۆڵی بووە، هەر بۆیە لە چالاکی و بەردەوامیی دیموکراسیدا بەکەڵک یارمەتیدەر بووە، بەڵام سەبارەت بەم لایەنەی تێکنۆلۆژی کە توانیویە یارمەتیدەری ئازادیی مرۆڤ بێت یانە؟ دەبێ بێژم کە زۆر جار زەرەری بە ئازادیی مرۆڤ گەیاندوە. ئێوە نموونەیەک وەک یازدەی سیپتەمبەر لە پێشتانە و ژمارەیەک لە تێکنۆلۆژیی پیشەسازی لەسەر بنەمای ناوەندگەرایی و سەربازیگەرایی شکڵیان گرتووە. سیستەمی یەکیتی سۆڤیەت لەسەر بنەمای شێوەی "تایلور" پێکهاتبوو، کۆمپانیا گەورەکان پێکهاتبوون کە لەودا مرۆڤ تا ئاستی کەرستە دابەزیبوو.

**ر. ج: لە سیستەمی بیری ئێوەدا جێگەیەک بۆ مەعنەوەییەت هەیە. لە بیرتانە کە ئاندرێ مالروو وتبووی: سەدەی بیست و یەکەم دەتوانی مەعنەوی بێت یان نەبێ؟"**

**ف. ف:** بە بڕوای من مەعنەوەییەت لە بەشی کولتووری دایە و هەرگیز لە ناو ناچێ. ڕوانگەیەک لە نێوان لایەنگرانی (هێگل)دا هەیە، کە دەڵێت: هەموو شێوەکانی نائاوەزی لەناو دەچن، ئایین بە هۆی فەلسەفەی ئاوەزی لە ناو دەچێ، زۆر باشە، من ئەم ڕەوتەم لە هیچ کوێ، بە تایبەت لە ئەمریکادا نەدیوە.

**ر. ج: مەبەستتان ئەوەیە کە لەم بوارەدا هێگلی نین؟**

ف. ف: بەڵێ، من زیاتر تۆکۆیلیم، تۆکۆیل ڕامانێکی لەمەڕ پێشکەوتن هەیە و خوێندنەوەی لەسەر دیاردەی دیموکراسی بووە، بەڵام نە لە ڕوانگە و بۆچوونی هێگلییەوە، ئەو ئەم ڕوانگەی هێگلی نەبوو، کە دەڵێ: "هەموو شتێ تا سەر ئێسقان ئاوەزییە، منیش زیاتر لەگەڵ ئەم ڕوانگەیە هاودەنگم.

**واشنگتون نوامبری 2001**